وەزارەتی بەرگری تورکیا: پێگەی پەکەکەمان لە گارە و مەتینا و قەندیل بەردومان کردووە



وەزارەتی بەرگری تورکیا رایگەیاند، 17 پێگەی پەکەکەیان لە ناوچەکانی گارە و مەتینا و قەندیل بەردومان کردووە.

ئەمە هەینیە،وەزارەتی بەرگری تورکیا لەبارەی بەردومانەکان راگەیەندراوەکی بڵاوکردووە تێیدا هاتووە، ئێپڕاسیۆنی ئاسمانی لە دژی ئامانجە تیرۆرستییەکان لە ناوچەکانی گارە ومەتینا و قەندیل ئەنجامدراون، کە 17 پێگەی پەکەکە لەو ناوچانە بەردومان کران.

لە راگەیاندراوەکەدا هەروەها هاتووە، تورکیا لێپێناو نەهێشتنی ئەو هەڕەشانەی تیرۆرستان و پاراستنی سنووروکانیان ئەو ئێپڕاسیۆنە ئاسمانییەی ئەنجامدا.